# ئەوانەی بە حەسرەتی پارتی و بارزانییەوە دەمرن..

کەریم سادقی
sadiqiyan@yahoo.com

زۆر بەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە هەموو کار و کاسبییان کردووەتە جنێودان بە پارتی و بارزانی و شەو و رۆژیان بە یەکەوە ناوە بۆ ئەوەی داهێنانی نوێ لە جنێودان و زمانڕەشیدا بکەن و کەوتوونەتە پێشبڕکێ لە بڵاوکردنەوەیان گوایە بەمە دەیانەوێ وەکوو رووناکبیری رەخنەگر، یان قەڵەمبەدستی لێهاتوو بناسرێن و ناوبانگ دەربکەن. ئاخر چۆن بەزەییم پێیاندا نەیەتەوە کە ئەمانە بە جۆرێك سادە و ساکارن بە هەموو ئەقڵیان پێیان وایە بەو جنێودانە دەتوانن بەرچاوی خەڵك بگرن و ئەو راستیانەی کە وەکوو رۆژی نیوەڕۆ وان و هەرگیز بە شڕە بێژینگی دڕاوی ئەوان ناگیرێ؛ لە خەڵکی بشارنەوە.

ئەوان زۆر بێئاگان، یان راستتر بڵێین خۆیان بێئاگا کردووە لەوەی کە کورد باش دەزانێ هەر لە یەکەمین رۆژی دامەزراندنی پارتییەوە، بەر لەوەش کە بنەماڵەی بارزانی و شێخەکانی هەر لە رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی کورددا بوون؛ هەر کاتێك پارتی و بنەماڵەی بارزانی سەرکەوتوو بووبن؛ گەلی کوردیش سەرکەوتوو بووە، پێچەوانەکەشی راستە. هەر کاتێکیش پارتی و بارزانی سەردەکەون؛ دوژمنان و ناحەزانیان هەرچیان پێ کراوە و لە دەستیان هاتووە لە دژیان کردووە، گوتووە و نووسیوە، ئەوی نەیانکردبێ لە دەستیان نەهاتووە، بۆیە کورد و پارتی زۆر باش دەزانن ئەم هەڵمەتەی جنێودانەش کە ماوەیەکە لە هەندێ جنێوخانەی ئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێـنەوە و خاوەنەکانیان پێیان وایە بەمە دەبنە نووسەر و رەخنەگر و ناوێکی پێ پەیدا دەکەن؛ هەڵمەتێکی زۆر ئاسایی یە و جاری یەکەم نیە روو دەدات و دوایین جاریش نابێت.

ئەم جنێوفرۆشانە و ئەوانەی لە پشتیانەوەن باش دەزانن بۆچی وا دەکەن و مەگەر هەر خۆیان بزانن کوێیان دێشی؟! ئەوان بەو هەموو سەرکەوتنانەی پارتی و بارزانی کە رۆژ بە

ڕۆژ لە گەشبووندایە و جێ و پێگەیان لە ناو کورد و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا قایم و قایمتر دەبێت؛ خەریکە تووشی هستریا دەبن و لە بێدەسەڵاتیان پەنا وەبەر جنێودان دەبەن، خۆ کورد خۆڕایی نەیگوتووە جنێودان نیشانەی بێدەسەڵاتی یە!.

ئاخر ئەمانە چۆن تووشی سکچوون نابن کە دەبینن بارزانی تەحەدای ئەمەریکاش دەکات و هەزار و یەك هەڕەشە لەو تورکانە دەکات کە هەموو ئومێدێکیان ئەوە بوو سوپاکەیان بنێرنە کوردستان؟! چۆن خەو لە چاوانیان نازڕێ کە دەبینن بارزانی بە تەنیا ڕووبەڕووی هەموو هێز و لایەنە عێراقییەکان دەبێتەوە و ئاڵای بەعس کە هێشتا هەندێ کەس پێیان وایە ئاڵای عێراقە؛ لە کوردستان قەدەغە دەکات؟! چۆن کوێراییان دانایەت کە سەرەڕای ئەو هەموو بوختان و جنێودانە دەبینن ڕۆژانە لە هەموو سووچێکی کوردستانی گەورەوە کورد ئارامگەی بارزانی زیارەت دەکەن و گاشەبەردەکانی ماچ دەکەن؟! چۆن شێت نابن کە دەبینن لە وڵاتانی دەرەوە فەرشی سوور بۆ نێچیرڤان بارزانی ڕادەخرێ و وەکوو سەرۆك وەزیرانی وڵاتێك پێشوازیی دەکرێ؟! بەڵێ ئەوان لە بەرامبەر ئەو هەموو سەرکەوتنانەدا خەریکە ڕۆح دەدەن و ئاوی چاوییان دەڕژێ، لە بیریان چۆتەوە کە بەر لەوانیش لەوەتەی بنەماڵەی بارزانی و پارتی هەیە بە دەیانی دیکەش وایان کردووە و دواتر بە چاوشۆڕییەوە هاتوونەتەوە بارەگای بارزانی؛ یانیش هەر بەو حەسرەتەوە سەریان ناوەتەوە.

لە گەڵ هەموو ئەمانە پارتی و بارزانیش وەکوو هەر حزب و مرۆڤێکی دیکە لە یاسای سروشت بەدەر نین و ئەوانیش هەڵە دەکەن و کە تووشی هەڵەش دەبن ڕەخنەیان لێ دەگیرێ؛ نەك بە فیتی ئەم و ئەو جنێویان پێ بدرێ و جنێوفرۆشانیش پێیان وابێ بەمە دەبنە کەڵە نووسەر و ڕووناکبیری ڕێشاندەری گەڵ. لەمانە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بنەماڵەی بارزانی و پارتی سەلماندوویانە، یان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە بە کردار بیسەلمێنن کە بۆ کورد کەس لە وان دڵسۆزتر نیە، جا ناحەزانیان چەند بەرگەی ئەم ڕاستیە دەگرن یان نا؛ ئەوە کەیفی خۆیانە و کورد گوتەنی کاروان بەڕێوەیە و سەگیش با هەر بوەڕێ!